کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 19:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هونەر لەنێوان دەنگ و ووشەی کوردی و ئاوازی بیانی دا ... هەورامان علی توّفیق

کاتێك مرۆڤ گوێ لەگۆرانی و ئاوازی خۆش دەگرێت بەبێ ئەوەی مەبەست بێت ئاواز وهۆنراوە هی کێن هەندێ جاریش هونەرمەندەکەش.. ئەوەی گرنگە ئەو هونەرمەندە بتوانێ پەیامی هونەری خۆیی بەو سەرکەوتوویە بەدەستەوەبدات و ئەو گوێگرە لەو ساتەوەختەدا هەست بەخۆشی بکات و کاریگەری هونەرەکە لەناخی دا جێگای خۆیی بکاتەوە و هەستێکی ئەو تۆ بداتە جەماوەر و لەناخیدا خۆیی تێگەڵ بە خەم و ئازارو خواستەکانی بکات و گۆرانیەکەی بەشێوەیەك ئەو مرۆڤە خۆیی تێدا بدۆزێتەوە..

گۆرانی کاتێك خۆشە کە ڕەسەنایەتی خۆیی پێوە دیار بێت.. ئەو ساتەی کە گوێ لەو هونەرمەندە ڕەسەنە کوردانەی وەك حەسەن زیرەك و ماملێ و عەلی مەردان و تایەرتۆفیق و دەیانی تر دەگرین، تام و چێژی ئەو گۆرانیە کاریگەری خۆیی هەیە و جێ ی خۆیی لەناخ و دەرونی مرۆڤدا دەکاتەوە و لەزۆربەی ساتە وەختە ناخۆشەکاندا خەم پەژارەو دڵەڕاوکێمان لەبیردەبەنەوە و لەساتە وەختە نەتەوەییەکاندا گرۆتین و کوردایەتی و خۆشەویستی وولاتمان لا زیاد دەکەن، ئەم شێوە کارانەش دووبارەنابنەوە و ئەوەی دەکرێت تەنها لاسایی کردنەوەیە بەڵکو پەرەدان بەورێبازانە بوونی نیە.. ئەو گۆرانیە کۆنانەی کە هەمیشە لەگوێماندا زیندوون و تەنها بەناو کۆنن بەڵکو لەڕووی کاریگەری و تام و چێژەوە هێندە زیندوون لەزۆربەی زۆری ئەو گۆرانیانەی کە ئەمڕۆ بەزیندوویان دەزانین زیندووترن.

پاراستنی مۆرکی کوردایەتی و لانەدان لەو ڕیتمە و نەشێواندنی ئەو شێوازە کارێکی گرنگ و ئەرکێکی ئاسان و سادەش نیە.. چونکە ئەمرۆ زۆر گۆڕان بەسەر هونەری کوردی دا بەناوی تازەگەری و پێشکەوتن و گۆڕانکاریەوە دێت و دەبینین هونەرمەندێك بەسیمایی کوردی و ووشەی کوردی و ئاوازی عەرەبیەوە لەگەڵ سەمایەکی عەرەبی یا بیانی.. بەهەموو پێوەرێکی ئەو هونەرمەندە گۆرانی کوردی دەڵێت و خزمەت بەهونەری کوردی دەکات و گۆڕانکاری دەخاتە نێو هونەری کوردیە و پێشی دەخات و شانازیش بە گۆڕانکاریانەوە دەکات کە ئەنجامیان دەدات.

لێرەدا پێوەرێك هەن بۆ ئەم شێواندنە.. ئەو هونەرمەندە دەیەوێت زیادترین جەماوەر لەخۆیی کۆبکاتەوە.. خۆیی زیاتر بە نمونە (بەدونیای عەرەبی) بناسێنێ.. فرۆشتنی ئەلبومەکانی زیاتر بکات.. ناوبانگ و شوهرەت دربکردن، لەو دەرگا و چوارچێوە کوردیە بێتە دەرەوە کە بەبڕوایی ئەو داخراوە.. ئەگەر ئەو بەڕێزانە لەکۆمەڵگای کوردی بەکەم تێبگەن و بەشی بەناوبانگ بوون و پەیداکردنی پارە و دونیای دەوڵەمەندی نەکات و ئەو دەرگا باشەش نەبێت بۆ بەرەو پێش چوون مۆدێرنیەتی هونەرەکەی.. بەڵام بەلایەوە وابێت لەدونیای عەرەبی یا تورکی یا فارسیەوە دەتوانێت ئەو هیوا و ئاواتانەی بێنێتە دی. دەتوانم بڵێم ئەوە کارێکی قورس و درێژخایەن و پێویستی بەکاری زۆر و هاوکاری تەواوی ڕاگەیاندن و دەزگا پروپاگەندەیەکان هەیە و ئەو کۆمپانیا و لایەنە بەرپرسانەی کە کاروباری هونەری دوونیا بەڕێوەدەبەن.. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی 40 ملیۆنی دا ئەگەر هونەرمەندێك نەتوانێت بوونی خۆیی بسەلمێنێ و ئەوەی دەیەوێ بەدەستی بێنێ و لەهەمان کات دا ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی بپارێزێت و لەو چوارچێوەیەدا پێشکەوتن و گۆڕانکاریە سەردەمیەکان بکات.. نەك سڕینەوەی ئەو ڕەسەنایەتیە و چەواشەکردن و شێواندن و تێکەڵ کردنی بە ئاوازوو گۆرانی تری دەوروبەرمان.

ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێشە لەنێو ئەو هەموو شێوە گۆڕانکاریانەی کە پەیوەندیەکانی نێوان هونەرمەند و ئاوازو هۆنراوەو دەنگ و کلیپەکان زۆر کەمن و تەنها لە دیدی پێشکەوتنەوە گۆرانیەکان دەشێوێنرێن ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێشە ئەو هونەرمەندانەی کە ناویان دیارەو جەماوەری تایبەتی خۆیانیان هەیە و خەڵکی گوێیان لێدەگرێت.. ئەگەر ئەوانە ئەم شێوە هەڵانە بەسەریاندا تێپەڕێت و بەخۆیان کاری تێدابکەن و لەوانەش خانمە هونەرمەندی کورد (لەیلا فەریقی) کە بەم دوایانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کارەکانی مۆرکی هونەری عەرەبی زیاتری پێوەدیارە و لەئاوێتەبوونێکی بەرچاو دیاردایە بە ئاوازو موزیکی عەرەبی...

کەس ئەم ڕێگایە لەهونەرمەندان ناگرێت بۆ چۆنیەتی پێشکەش کردنی هونەرەکەیان و بەچ شێوەیەك بەدوای ناوبانگ و دەوڵەمەند بوون و چوونە دونیای شوهرەت و ئێستێرەیی هونەریەوە کە مافی ئەوهونەرمەندەیە... بەڵام لەسەر حسابی شێواندنی ڕەسەنایەتی هونەری کوردی و ئاوێتەکردنی ئەو هونەرە بە هونەری بێگانەو دروست کردنی ڕێگایەك کە هونەرمەندانی دی لاسایی بکەنەوەو ئەو دیاردەیە ببێتە شێوازی کارکردنی هونەرمەندانی تری کوردی کەبۆخۆیی ئەمڕۆ هونەری کوردی لەگێژاو تەنگەژەدایەوە و کاری ئەو بەڕێزانەش سەری لەجەماوەر شێواندوە.. لەلایەکی ترەوە دونیای موزیکی عەرەبی دەریایەکی فراوانە و سەرەڕایی هەموو هەست و نەستی نەتەوەیمان بەرامبەر بەو نەتەوانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە و گرفتی سیاسی و نەتەوەیمان لەگەڵیان بەڵام ئەو ڕاستیە ناشارینەوە کە ئەوان لەم بوارەدا لەپێش هونەری کوردیەوەن و ئێمە کاتێك گوێ لەهەندێ گۆرانی عەرەبی دەگرین ئەو هەست و هۆزەمان پێ دەبەخشێت وەك هونەرێك بەڵام هیچ کات هونەرمەندێکی عەرەبی نەهاتووە هونەری نەتەوەیی خۆیی تێکەڵ بەهونەری کوردی بکات و ڕەسەنایەتی خۆیی وون بکات.. ڕەنگە لەبوونی زۆر لەو هونەرمەندە عەربیەجیهانیەی کە تەنها بەبرەودان بەهونەری نەتەوەیی خۆیان گەیشتونەتە ئەو ئاستەو ئاستەنگە بۆ هونەرمەندێکی کورد بتوانێ لەو دەریایەدا مەلەبکات.. چونکە ئەو مەلەوانەی لەدەریای خۆیدا سەرکەوتوو نەبێت ناتوانێت لەدەریای دیدا مەلەوانی باش بکات.

کاتێك ئەو هونەرمەندانەی کورد لەڕیتمی خۆیان لادەدەن و لە ڕەسەنایەتیەکەی خۆیان دەچنە دەرێ مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەوەندەی بەلایانەوە مەبەستە جەماوەر لەخۆیان کۆبکەنەوە بێ گومان ئەوەندەش جەماوەر بەپێچەوانەوە لەدەست خۆیان دەدەن..

کەواتە گرنکە هونەرمەند لەپێش وەختی کارەکانی دا ئەو پەیوەندیە زیاتر و پتەوتر بکات لەنێوان دەنگ و ووشە و ئاوازو ڕەسەنایەتی بۆ ئەوەی کارەهونەریەکانی پێش خۆمان و ئەوانەی لەخزمەتی هونەری کوردیدا بوون ئەوڕێبازە پەرەپێبدرێت و لەو ڕوانگەوە پێشکەوتن و گۆڕانکاری بکرێت و داهێنان و تازەگەری بێتە ئاراوە.. نەك تێگەڵ بوون و شێواندن و تێخزانە نێو هونەری بێگانە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.